**ڕەفتارو مامەڵەی هەر کۆمەڵگایەك لەگەڵ مناڵاندا ، گرنگترین پێوەری ڕاددەی پێشکەوتوی و ئازادی بوونی ئەو کۆمەڵگایەیە ، مناڵان لەهەموو شتێك گرنگترن و لە پێشترن لە هەر بەرژەوەندییەکی ئایدۆلۆژی ، ئابوری ، سیاسی ، کۆمەڵایەتی و ئاینی ، یەکەم مناڵان " لە بەندەکانی پێکهاتنی سەنتەری مناڵان 1999".**

ڕاگەیاندی سەنتەری مناڵان سەبارەت بەزیندانی کردن و حوکم دانی د.کەمال سەید قادر.

## ئێمە خوازیاری ئازاد کردنی (د.کەمال سەید قادر)ین لە زیندانی PDK

نزیک بە دوو مانگە نوسەرو ڕۆژنامەنووس دکتۆر کەمال سەید قادر لە لایەن پارتی دیموکراتی کوردستانەوە، دەستگیر و زیندانی کراوە، وە پاشانیش دادگایی کراوە و حوکمی 30 ساڵ زیندانی بەسەردا دراوە، پاساوی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ دەستگیر کردن و زیندانی کردنی د.کەمال ئەوەیە کە ئەو چەند نوسینێکی بڵاو کردۆتەوە و تەشیری بە پارتی ناوو براوو سەرانی دەسەلاتداری ئەو پارتە کردووە.

ئێمە لە سەنتەری بەرگری لە مافەکانی مناڵان، خوازیاری ئازادکردنی د.کەمال سەید قادرین و ئەم ڕەفتارەی پارتی دیموکراتی کوردستان ، بە پێی بنەماکانی مافی مرۆڤ بە ناڕەوا دەزانین و لە دژی دەوستینەوە و مەحکومی دەکەین ، د. کەمال سەید قادر هەرچییەکی وتبێت و نوسیبێت ، هیچ کەس مافی زیندانی کردن و ئەشکەنجەدانی ئەوی نییە ، پارتی دیموکراتی کوردستان ئەگەر پێی وایە د. کەمال تەشیری بەسەرانی پارتی کردووە و شتی نادروستی نوسیوە ، وە ئەگەر پارتی دەیەوێت ڕاستی دروشمەکانی هەموو ڕۆژەی خۆی لەمەڕ ئازادی و دیموکراسی و مافی مرۆڤ و... هتد ، بسەلمێنیٚ ، ئەوا ئەوان لەبەرامبەردا دەتوانن چ لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە و چ بە ووتارو نوسین ، وە بەبەڵگەوە نادروستی نوسینەکانی د.کەمال بسەلمێنن ، ئەگەر قەرارە ئەوان دیموکراسین و ڕۆژانە دەستەواژەی وەک ، دیموکراسی ، مافی مرۆڤ ، ئازادی ڕادەربڕین و نووسین و چی و چی تری لەم بابەتە ، بەگویی خەڵک دا دەدەن و لاپەڕەی ڕۆژنامەکانیانی پێدەڕازێننەوەو لە بڵدگۆی ڕایۆو تەلەفزیۆن و دەزگاکانی ڕاگەیاندنیانەوە ئیدعای بۆ دەکەن و پێناسەی پارتەکەیانی پێدەکەن، ئەوە ئەمەیە هەڵوێستی دروست نەک دستگیرو زیندانی کردن.

خۆ ئەگەر تاوانی نوسین و ووتارەکانی د.کەمال زۆر گەورەیەوە بە نوسین و وەڵامدانەوە، فایدەیەکی نییەو تینوێتی تورەی پارتی دیموکراتی کوردستان ناشکێنیٚ ، ئەوا دووبارە پارتی دیموکراتی کوردستان مافی دەستگیر کردن و بێسەرو شوێن کردن و زیندانی کردنی د. کەمالی نییە ، بەڵکو مافی ئەوەیان هەیە کە لە دادگا دەعوای لەسەر قەید بکەن و نادروستی نوسینەکانی ئەو بسەلمێنن، بەڵام دادگایەکی عادلانەی بێلایەن بە جۆرێک کە د.کەمال هەموو مافێکی بۆ برەخسیٚ کە وەک" تاوانبارێک" بەرگری لە خۆی بکات.

بۆیە ئێمە پێمان وایە ئەم هەڵوێستەی پارتی دیموکراتی کوردستان، بە تەواوی پێچەوانەی هەموو ئەو ئیدعایانەیە کە ڕۆژانە سەبارەت بە ئازادی و مافی مرۆڤ دەیکەن ، وە لە دژی هەموو ئوسول و پرەنسیپێکی مافی مرۆڤ و ئازادی و دیموکراسی یە. ئازادی بۆ د.کەمال سەید قادر.

**لیژنەی نوێنەرایەتی لقەکان و نوسینگەکانی سەنتەری بەرگری لە مافەکانی مناڵان، لە ناوەو لە دەرەوەی ووڵات**

**6 جەنیوەری 20006**

**www.santarimnalan.com**

- نوسینگەی بەغداد.
- نوسینگەی کەرکوک.
- نوسینگەی سلێمانی.
- نوسینگەی سوید.
- نوسینگەی سویسرا.
- نوسینگەی ئیتالیا.

PCI
Sweden
+46 73 571 5449
www.santarimnalan.com

santarimnalan@yahoo.com
Contact person: Sherzad Fatih
Account number (postgirot): 39 08 04–3
Org. Nr: 885002-2842